


حاجی قادری کۆیی

42076

مەسعود محەمەد

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library



ڕێکخراوی خاڵ بۆ هزر و ڕۆشنبیری

٦٠

حابل قادری کۆیی

نووسەر: مەسعوود محەمەد

.....

لیژنەی سەرپەرشتیی کۆبەرهەم:

تۆفیق کەریم

هاوژین عومەر

ڕەوشت محەمەد

.....

میژووی چاپ: ٢٠٢٣

نۆبەی چاپ: یەکەم

سەرپەرشتیی چاپ: ڕێدار لەحمەد

تیراژ: (١٠٠) دانە

.....

مافی لەچاپدانەوەی ئەم کۆبەرهەمە پارێزراوە بۆ

ڕێکخراوی خاڵ بۆ هزر و ڕۆشنبیری

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (٦٦٦)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی کۆبەرهەمی مەسعوود محەمەد

خوایە بەناوی تۆ

مامۆستا مەسعوود محەمەد (١٩١٩ – ٢٠٠٢) بیریار و بلیمەتی دونیای فکر و نەدەبی کوردی، گەلێک لەوە ناسراوتر و هەڵکشاوترە لەم پێشەکییە کورتەدا بە خوێنەرانی بناسێنین. ئەو خوێنەرانەی بەباشی ئەو پیاوە مەزنەیان نەناسیوە، دەکرێ بە خوێندنەوەی ئەم کۆبەرهەمە پەنجەرەیەکی مەسعوودناسییان بەسەردا بکرێتەوە و بە فکری قوول و ڕوانینی وردی ئاشنا بن، کە ئەمەیش بۆ ئەهلی مەعریفە وەک بڕوانامەیەکی فەخری وایە. مامۆستا لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا دەستی بە نووسین کردووە، تا کۆتاییی ژیانی ئەوی بە حەقی زانیوە سەبارەت بە ژیان و مرۆڤ و دەروبەر بە زمانێکی باڵا دەری بڕیوە و سڵی لە هیچ بەربەست و کۆسپێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەکردووەتەوە.

ئەو لە زۆر بواردا ئەسپی قەڵەمی تاوداوە و سەرکەوتووش بووە، نامەکەی بۆ سەعدوون حەمادی، دەیان حیکمەتی لێ دەفامرێتەوە، کتێبەکەی لەبارەی حەماغای گەورەی کۆیی، چەندان لایەنی کۆمەڵایەتی لێ بەرهەم دێنێت. هەروەها ئەو باسوخواسانەی لەبارەی مەلای خەتێ نووسیونی، دەربڕی ئەوەن مامۆستا لە ساغکردنەوەی تۆمەتی مێژوویی هاوتای نەبووە، نەک هەر ئەمانە، دەیان و بگرە سەدان شتی لەم جۆرە باسانە.

بەڵام دەکرێ بە بەراورد بە هێڵەگشتییەکەی کە لەسەری ڕۆیشتووە، ئەمانە بە بەشەکیی وەربگرین و ئاڕاستەی گشتیی نووسینەکانی لە سێ تەوەرەدا کورت هەڵێنین:

یەکەم: هزر، کە سەرەتای نووسینی بەهزر دەستی پێکرد ، پاشان بە هەڵکشانی تەمەنی قوڵتر و فراوانتر و باڵاتر بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی لە سەری دەنووسی، ئەوانەی مەیلی فیکریان هەبوو بە یار و نەیارەوە، شایەتی بۆ دەدەن کە لەم بوارەدا تابڵێی بەتوانا بوو، بۆیە ستایشکرا و پەلاماریش درا، کەچی نە ستایشی دۆستانی و نە پەلاماری نەیارانی، لەو ڕێرەوەی کە باوەڕی پێی هەبوو نە بە زەرە گۆڕییان و نە لەخشاندیان. ڕاستە بەر لە مامۆستا ئەدیب و نووسەرانمان هەبوون دەمیان لە فکر کوتاوە، بەڵام هیچیان وەک مەسعوود محەمەد لە پۆپەوە ئەدەب و مێژوو و زمانیان تێکهەڵکێشی فکر نەکردووە. سایەی فکر بەسەر هەموو وشە و

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

رستە و دەربڕینەکانییەوە دیارە. دەکرێ بڵێین تەواوی نووسینەکانی لە کانیاوی فکر هەڵقوڵیون، تەنانەت قسەی ئاسایشی هەر فکر بووە.

دووەم: ئەدەب، کە دەستی بە نووسین و تەتەڵەی ئەدەب کردووە، ئەوەندە بە لێهاتووانە ئەمسەرە و سەری لێگرتووە، یەکێک لە ڕۆشنبیران سوێندی خواردبوو: کە نالیش هێندەی ئەو لە شیعرەکانی خۆی ناگات، نەک تەنها لەسەر نالی، ئەو لەسەر حاجی قادر، مەحوی، عاسی، کەیفی، قسەی نەوتراوی وت و داهێنانی لە بواری ئەدەبدا کرد. وەختێ کتێبی حاجی قادر دەخوێنیتەوە، دەڵێی بەخوا مامۆستا شەرحەکەی تۆ لە شیعرەکانی حاجی بەهێزترن، ئەگەرچی بڕێک کەس بەم قسەیە قەڵس دەبن، بەڵام پێم وایە ڕاستمان گوتووە و زیادەڕەویمان نەکردووە.

سێیەم: زمان و زاراوەسازی، لەم بوارەشدا خەمی گەورەی هەبوو، خزمەتی گەورەشی کرد، چارەسەری بۆ زۆر گرفت دەستنیشان کرد و بنەمای مەحکەمیشی دارشت. ئەگەر تەماشای نووسینەکانی بکەیت لەسەر زمان، سەرت سووڕ دەمێنێ، ڕێک وەک تاقگەیەکی خورسکی زمانە و هەڵڕژاوە. دەڵێن سیبەوەیهی لە سەرەمەرگدا گوتوویەتی: داخ بۆ ئەوە دەخۆم دەمرم و «حتی»م لە زمانی عەرەبیدا بۆ یەکلا نەکرایەوە. مەسعوود محەمەدیش چوار پێنج لاپەڕە باسی «واو» یان «ی» دەکات کەچی هێشتا پێی وایە هیچی باس نەکردووە. مەسعوود محەمەد لەنێو کورددا یەکەم نووسەرە لە گۆشەی فکرەوە باسی زمانی کردبێت.

جا شاسوارێک بەو شێوە قەڵەم بە برشت بوو بێت، مافی خۆیەتی سەرجەم بەرهەمەکانی کۆبکرێنەوە، تا نەوە لە دوای نەوە لێیان بەهرەمەند بن. هەر چەندە نووسینەکانی ئەو جگە لە کتێبەکانی بە پرشوبڵاوی لە ناو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان و لای دۆستانی ماونەتەوە، بەڵام جێگەی دەستخۆشییە ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە و دۆستانی مامۆستا بەشێکی زۆریان کۆکردوونەتەوە، بە تایبەتی سایتی (مامۆستا) و دەزگای ئاراس لەو مەیدانەدا کاری کەس نەکردەیان کردووە.

ئێمەش لە ڕێکخراوی (خاڵ بۆ هزر و ڕۆشنبیری) بە هاوکاری (سایتی مامۆستا) و دڵسۆزانی دیکە بڕیارماندا سەرجەم بەرهەمەکانی بە هەردور زمانی کوردی و عەرەبی کۆبکەینەوە و لەچاپیان بدەین. ئەم بیرۆکەیە بەڕێز مامۆستا مەولوود باوەمراد پێشنیاری کرد و هەر ئەویش دەستی لێ بەرنەداین تا پرۆژەکەی گەیاندە مەنزل، زۆری لێ مەمنونین.

سەرەتا لە ڕێی دڵسۆزی پرۆژەکە «حەیدەر عەبدوللا» داوای مۆڵەتمان لە بنەماڵە

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

بەڕێزەکەی کرد، کاک محەمەدی کوڕە گەورەی مامۆستا بێ سێ و دوو فەرمووی لێ کردین و سوپاسیشی کردین، ئەو هەڵوێستە شایانی ڕێز و پێزانینە. سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش ئەرکی چاپکرنەکەیان لەئەستۆ گرت و لیژنەیەکی لە بەشی تویژینەوە بۆ پشتیوانی و کارئاسانی پێکهێنا، کە دەبێت زۆر سوپاس و دەستخۆشی و لە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان (د. ڕێواس فایق) و (لیژنەی تویژینەوە) بکەین.

پاشان داوای هاوکاریمان لە (سایتی مامۆستا) کرد، ئەوانیش شەونخونی و ڕەنجی چەند ساڵەیان بۆ کۆکردینەوە و تایپ و ڕێکخستنی بەرهەمەکانی مامۆستا بەبێ بەرامبەر لە ڕێگەی دڵسۆزمان کاک (کاروان عارف)ەوە بە دیزاینکراوی پێشکەش کرا، سوپاسی گەرمی ئەو بەڕێزانەش دەکەین، ئەرکەکەیان زۆر لە سەر سووک کردین. جگە لەو بەڕێزانەش ڕووی دەممان کردە کۆمەڵێک کەس و دەزگا کە ئیشیان لەسەر بەرهەمەکانی مامۆستا کردووە، یان شارەزاییان لەسەریان هەیە، ئەوانیش بە سوپاسەوە هاوکار و پشتیوانمان بوون.

پاش ئەو ئامادەکارییانە، ئێمە بەم شێوەیە کەوتینە هەنگاونان:

سەرەتا سەرجەم بابەتەکانی سایتی (مامۆستا)مان بە دیزاینکراوی وەرگرت و بێ دەستکاری و بەو شێوەیە کە لە سایتەکەدا هەیە کردمانن بە بناغەی پرۆژەکەمان، کە سی و یەک کتێبی چاپکراو بوون، بیست و نۆ کتێبیان بە پێی نزیکی ناوەڕۆکیان لە یەکەوە دابەشمانکردن بەسەر دە بەرگدا بەپێی مێژووی نووسین یان گرنگی بابەت ڕیزبەندمانکردن و لەو دە بەرگەدا ڕێکمانخستن، دوو کتێبەکەی دیکەمان کرد بە بناغە بۆ بەرگی یازدە و دوازدەی کۆبەرهەمەکە، چونکە یەکەمیان دیدار و دووەمیان نامەگۆڕینەوە بوو. پاشان دەستمانکرد بە وەرگرتنی بابەتەکان کە لای کەسایەتی و دەزگاکان هەبوون، ئەوانەیان کە لای ئێمە نەبوون بەپێی ناوەرۆکی بابەتەکە لە یەکێک لە بەرگەکاندا ڕێکمان دەخستن، بۆ ئەوەی مافی ئەو بەڕێزانەش نەفەوتێت بۆ هەر بابەتێک (کە زۆر کەمیش بوو) ئاماژەمان بەو سەرچاوە داوە کە لێمان وەرگرتووە.

هەنگاوی دووەم دیدار و نامەکانی مامۆستا کە چاپکراون و بڵاوبوونەتەوە یان ئەوانەی لەڕێگەی دۆستانەوە پێمانگەیشتن، کۆمانکردنەوە و تایپ و هەڵەچنیمانکردن، پاشان لە دووبەرگی سەربەخۆدا دیزاینمانکردن بەمەش کۆی بەرگەکان بوون بە دوازدە بەرگ.

بۆ زانیاریی خوێنەران ئەوانەی پێوەندیمان پێوەکردوون و داوای هاوکارییمان

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

لیکردوون جگە لە سایتی مامۆستا و بنەماڵەی بەڕێزی مەسعوود محەمەد ، زیاتر بوون لە سی دەزگا و کەسایەتی. هەر لە سەرەتای پرۆژەکەشدا و بۆ ئەوەی ئەم کۆبەرهەمە تێرو تەواو دەرچێت کۆمەڵێک لە شارەزا و دڵسۆزانی مامۆستامان دیاریکرد و لە هەموو قۆناغێکدا ڕاوێژمان پێدەکردن. بەهەمانشێوە لیژنەیەکی تایبەتمان دامەزراند بۆ بەراوردکاری بابەتەکان و ڕێگەگرتن لە هەر هەڵە و لەبیر چوون و دووبارە بوونەوەیەک، تا بەسەرماندا تێنەپەڕن. بە هەموو ئەم هەنگاوانەشەوە دڵنیاین ئەم پرۆژەیە کەموکورتی تێدایە، ڕەنگە بابەت هەبن نەدۆزرابنەوە، یان بیرمان چووبن. هیوادارین خوێنەرانی بەڕێز لە هەر هەڵە و پەڵەیەک ئاگادارمان بکەنەوە، بەو ئومێدەی لە چاپەکانی ئایندەدا نەهێڵین ئەو هەڵانە بەسەرماندا تێپەڕنەوە.

سەبارەت بە نووسینە عەرەبییەکانیشی بە دڵنیاییەوە ئەگەر وەک قەبارە لە کوردیەکانیش کەمتربن، وەک ناوەرۆک هاوشانی ئەوانن، ئێمە لیژنەیەکی شارەزامان هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆژەکەماندا بۆ پێکهێنا، بەڵام ماوەی دەویست تا هەموویان کۆکەینەوە و ڕێکیانخەین، بۆیە هەرچەندە دەستبەرداریان نابین، بەڵام چاپکردنی بەرهەمە کوردیەکانمان پێشخست، خودا یاربێت زۆر زوو ئەوانیش تەواو دەکەین.

بێگومان جگە لەو بەڕێزانە ناومانبردن و ئاماژەمان پێدان، کۆمەڵێک بەڕێز بە درێژایی پرۆژەکە هاوکارمانبوون بە تایپ و بەراوردکردن و هەڵەچنی و دیزاین، بە ئەرکی خۆمانی دەزانین سوپاسی یەک بە یەکیان بکەین و لێیان مەمنون بین.

هیوادارین بەم پرۆژەیە ڕێکخراوی خاڵ توانیبێتی خزمەتێک بە زمان و هزر و ئەدەبی کوردی بکات و وەفایەکیش بۆ مامۆستا مەسعوود محەمەد دەربڕێت.

لیژنەی سەرپەرشتیی:

تۆفیق کەریم، هاوژین عومەر، ڕەوشت محەمەد

٢٠٢٣/٥/١٥

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library